ژمـــارە : 1 / 1 /　　　　No : / /

ڕێکەوت : / / 2022　　/ / ٢٧22 کوردی　　Date : / / 2022

---

## ئاگاداری زیادکردنی ئاشکرا

لــیژنەی فرۆشتن و بە کرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت سەر بە ئیدارەی گەرمیان بۆ جاری دووەم هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەو کەلوپەلانەی لە کەلایە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان دەستیان بەسەردا گیراوە کەلە دوو لیست پێك دێن بە شێوەی زیادکردنی ئاشکرا بە پێ ی یاسای فرۆشتن و بە کرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت ژمارە (1) ساڵی (2021) ئەو کەس و لایەنانەی کە ئارەزوی کڕینی ئەو کەلوپەلانەیان هەیە دەتوانن سەردانی (بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان) بکەن لە ڕۆژی دوای بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەگەڵ هێنانی بارمتەی یاسایی بڕی (20%) پارەی خەملێنراو کە لە (350000) سێ سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت بە چەکێکی بانکی لە بانکێکی حکومی بێت زیادکردنەکە پاش (30) سی ڕۆژ لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە ئەنجام ئەدرێت لە کاتژمێری (10)ی سەر لە بەیانی لە ئیدارەی گەرمیان.

لەگەڵ ڕێزدا ...

تێبینی //

- بە بێ پێدانی بارمتەی یاسایی کەس مافی بەشداربوونی نیە.
- ئەگەر بەرواری دیاری کراوی پشووی فەرمی بوو ئەوا زیادکردنەکە لە یەکەم ڕۆژی دەوامی فەرمییەوە دوای پشوەکە ئەنجام دەدرێت.
- کرێی بڵاوکردنەوە و ئاگاداری و هەموو ڕسوماتێکی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیاد کردنەکەی بۆ دەردەچێت.
- دەبێت ئەو کەسەی زیادرکردنەکەی بۆ دەردەچێت لەماوەی کەمتر لە (15) ڕۆژ کەل و پەلەکان بگوازێتەوە بەرامبەر هەر دوا کەوتنێک بە پێ ی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت .
- **لە ڕێکەوتی (2022/12/21) ڕۆژی چوار شەممە سەعات (10) سەر لەبەیانی زیادکردنکە دەست پێدەکات .**
- **بۆ ئاگاداری بەشداربووان، باشترە پێش داخستنی ژمێریاری کۆتایی ساڵ لە بانک لە ئێستادا چەکی بانکی ببڕدرێت .**

**جلال نوری عبدالقادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بە وەکالەت**

**٢٠22 / /**

وێنەیەك بۆ:

- بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی ئیدارەی گەرمیان / بۆ کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سایتی ئیدارەی گەرمیان بۆ بڵاوکردنەوەی .
- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بۆ بڵاو کردنەوە.
- ڕۆژنامەی خەبات بۆ بڵاو کردنەوە.
- لیژنەی فرۆشتن و بە کرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت بۆ کاری پێویست.

- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسا لەگەڵ سەرەتاکاندا.